# ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت بە :
# ڕۆڵی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە تیرۆرکردنی شاپور عبدالقادرو قابیل عادل دا

پاش 8 ساڵ لە تیرۆرکردنی شاپور عبدالقادرو قابیل عادل لە سەنتەری شاری هەولێر، لەلایەن تیرۆریستانی ئیسلامی سیاسیەوە، لەمڕۆژانەدا پەردە لەسەر لایەنێکی گرینگی ئەم تاوانە تیرۆریستیە هەڵدرایەوە لەلایەن "سەرۆ قادر"وە بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە پەیوەندی نێوان ئەم تاوانەو یەکگرتووی ئیسلامیی بە شێوەیەکی ڕۆشن نیشان دەدات. یەکگرتووی ئیسلامیی، وەك هێزیك لە هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، لەڕێگای فتوادان‌و جیهادو هەڵخراندنی کۆنەپەرسترین داب‌و نەریتەوە، هەمیشە وەك حزبێك مۆتیفێکی سەرەکی بوە بۆ پراتیکردنی تیرۆرو هەڵخستنی فەزایەکی تیرۆریستانە لەئاستی کۆمەلاتیدا. ئەم حیزبە هەر لەسەرەتاکانی دروست بونیەوەو لەکاتی فتوادان دژ بە ڕێبوار ئەحمەد لەساڵی 1995دا لەلایەن سەرۆکی حزب الله ی شۆرشگێرەوە، بۆ ماوەی سێ هەینی بەردەوام لە شاری سلێمانی لەلایەن مەلاکانی خۆیەوە لە خوتبەی نوێژی هەینیەکاندا فتوای تیرۆرکردنی دەردەکردو ئەم خوتبانەشی لە ڕادیۆو دەزگاکانی ڕاگەیاندنیەوە بڵاودەکردەوەو هانی خەڵکی دەدات بۆکردەوەی تیرۆریستی لە ڕیگای "جیهادو الله ئەکبەر"ەکانیەوە. یەکێك لەکردەوە تیرۆریستیەکانی دیکەی ئەم حزبە تێزاب ڕشتن بوو بە قاچی ژنان‌و هوها کێشان بوو لەو ژنانەی کە بەرگی مەدەنیان دەپۆشی بەتایبەت لە نیو بازارە قەڵەباغەکاندا. لایەنێکی دیکەی هەڵسوڕانی تیرۆریستی ئەم حزبە کە چەندین جار بەشێوەیەکی ئاشکرا لەلایەن دەزگاکانی هەردوو ئیدارەو حزبی دەسەلاتداری کوردستانەوە ڕاگەیەنراوە کە " مزگەوتەکان شوێنی نوێژو خواپەرستیەیە، نەك کاری تیرۆریستی" لەبەرانبەر ئەوەدا بوە کە ئەم حزبە وەك یەکێك لە حزبەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان هەمیشە مزگەوتەکانی کردۆتە شوێنی بارهێنانی دەستەوتاقم‌و باندی تیرۆریستی‌و وانەکانی جیهادیان تێدا وتۆتەوە. ئەم کارو کردەوە تیرۆریستیانە مشتێکن لە خەرمانێکی گەورەی هەڵسوڕانی تیرۆریستی ئەم حزبەو ئیسلامی سیاسی لەکوردستان. لە ڕاستیدا یەکگرتووی ئیسلامیی حزبێکە وەك قوتابخانەیەك بۆپێگەیاندنی تیرۆریستان دەکرێت پێناسەی بکەیت، هەروەك چۆن ئیخوان ئەلموسلمین لە میسر چەندین باندی تیرۆریستی لێکەوتوە...

تیرۆرکردنی شاپور عبدالقادرو قابیل عادل، وەك دوو ئینسانی رابەرو ئازادیخوازو پاریزەری مافەکانی ژنان‌و ئاوارەکان‌و خەڵکی کریکارو زەحمەتکێش لە شاری هەولیردا، لەلایەن ئیسلامی سیاسی‌و جۆشدانی ئەم تیرۆرە لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامیەیەوە بە بلاوکردنەوەی خوتبەکانی مەلا بەشیرو فتوای مەلاکانی دیکە بەتایبەت لە ڕۆژی 1998/4/17دا لە تەلەفیزیۆنەکەیانەوە، واتە یەك ڕۆژ پێش تیرۆرکردنەکە، هێماو نیشانەیەکی بەهێزە، بۆ زەلیلی ئیسلامی سیاسی لەبەرانبەر دنیای ئەمرۆو ئالۆگۆرە زانستی‌و سیاسی‌و فکرییەکاندا. یەکگرتووی ئیسلامیی وەك بەشیك لەم هێزانە لەکوردستان، نەك ناتوانن هیچ وەلامیك بدەنەوە بە خواست‌و ویستەکانی خەڵکی کوردستان بەڵکو لە تەپڵی سەریانەوە تا نوکی پێیان خەریکی خنکاندن‌و کوشتنی ئەو خواست‌و ویستانەن، لە ڕێگای جۆشدانی تیرۆرەوە...

ئێستا ئیتر هیچ بڕ بیانویەك نەماوەتەوە بۆ یەکگرتووی ئیسلامیی. ئەم حیزبەو ئەمینداری گشتیەکەی لەترسی دەرکەوتنی ڕاستیەکان‌و ئاشکرابونی بە بەلگەی هەڵسوڕانی تیرۆریستیانەیان‌و ڕیسوا بونی زیاتریان لە نێو خەڵکی کوردستاندا، بەپەلەو لە ژێر ناوی " لەپیناو پاراستنی بارودوخی کوردستان"دا شکاتنامەی خۆیان لە دژی " سەرۆقادر" کێشایەوە، بەلاّم تازە شوشەکە شکاوەو دەستی یەکگرتوو بەتەواوی کەشفە.

## خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان !

ئیسلامی سیاسی‌و حزب‌و هێزەکانی لەهەر کوێیەکی دنیادا بن، لەو جێگایەدا تیرۆرو تیرۆریزم تیایدا تەراتێن دەکات. ئیسلامی سیاسی هیچ هۆکارێکی بەدەستەوە نەماوە بۆ ڕوبەروبونەوەی دنیای ئەمرۆو مخالفینی سیاسی خۆی‌و گورانکارییە سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و فکرییەکان، جگە لە وەسیلەی تیرۆرو خۆتەقاندنەوە. تیرۆریزم ئەمرۆ بۆتە هەوێنی مانەوەو درێژەدان بە تەمەنی پڕ کارەسات‌و خوێناوی ئەم هێزو لایەن‌و حزب‌و دەستەوتاقمانە.
یەکگرتووی ئیسلامیی تاوانبارە بە تیرۆرکردنی شاپور عبدالقادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراق و قابیل عادل ئەندامی کۆمیەتی رابەری ڕێکخراوی کوردستان لە ڕۆژی 1998/4/18دا لە شاری هەولێرو بەلگەکانی تا ئێستا لەبەر دەستدان لایەنی کەم ئەوە نیشان دەدەن کە یەکگرتووی ئیسلامیی‌و مەلاکانی‌و دەزگاکانی راگەیاندنی ڕۆلی سەرەکیان هەبوە لەهاندان‌و جۆشدانی ئەم کردوە تیرۆریستیە حەقیرانەدا.
ئێمە لە بەرانبەر ئەم مەسەلەیەدا وێرای ئەوەی کە لە تیرۆرکردن‌و خوێنی ئەو دوو ئازیزەمان خۆش نابین‌و لەمبارەوە دەوری یەکگرتووی ئیسلامیی فەرامۆش ناکەین، لە هەمانکاتدا: ڕوومان لەدەسەڵاتداران‌و پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەتایبەت کە لە هەواڵەکە لەلایەن بەرپرسێکی خۆیانەوە

ڕاگەیەنراوە، کە ئەم قەزییەیە بەتەواوی یەکلایی بکەنەوەو نهێنیەکان بۆ خەڵك ئاشکرا بکەن‌و ئیحرائاتی خۆیان لەگەڵ ئەم لایەنە تیرۆریستیەدا بە ئەنجام بگەیەنن، ئەمە مەسئولیەتێکە دەکەوێتە سەرشانیان وەك دەسەلاتدارانی کوردستان. وە داوا لە ئازادیخوازان‌و هەمموو ئەو ئینسان‌و لایەن‌و حزب‌و ڕیکخراوانە دەکەین کە بەفعلی دەیانەوێت لە کوردستاندا دژ بە تیرۆرو تیرۆریزم ڕابوەستنەوە، هەڵویستی ڕۆشنی خۆیان لەبەرانبەر ئەم کردەوە تیرۆریستیەدا دەربڕن تاکو پێکەوە فشارێکی گەورەی کۆمەڵایەتی پێك بهێنین، بۆ ڕیگا گرتن لە هەڵسورانی تیرۆریستیانەی ئیسلامی سیاسی‌و یەکگرتووی ئیسلامیی‌و لەهەمانکاتدا لە پێناو دابینکردنی مافی جیابونەوەی دین لە دەوڵەت‌و خوێندن‌و پەروەردە لە کوردستان‌و قەدەغەکردنی خوێندنی وانەی ئایینی‌و حیجاب بۆ مندالان‌و هەروەها قەدەغەکردنی وانە دینیەکان لەمزگەوت‌و حجرەو ماڵەکانداو دۆزینەوەو ڕاگەیاندنی سەرچاوەی داهاتی ئەم هێزانە لە پیناوی پاراستنی ژیانی خەلکی کوردستان لە هیرشی تیرۆریستان.

2006/7/14